پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (ئەوەندە) لە شەودا دەوەستا (بۆ شەونوێژکردن) هەتاوەکو پێیەکانی هەڵدەقڵیشا

لە عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- وموغیرەی کوڕی شوعبەوە -ڕەزای خوای لێبێت-: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (ئەوەندە) لە شەودا دەوەستا (بۆ شەونوێژکردن) هەتاوەکو پێیەکانی هەڵدەقڵیشا (درزی تێدەکەوت)». (عائیشە دەڵێت): پێیم ووت: بۆ ئاوا دەکەیت ئەی پێغەمبەری خودا، لەکاتێکدا خودا لە گوناهەکانی پێشوو وداهاتووت خۆش بووە؟ فەرمووی: «ئایا نابێت حەز بکەم کە بەندەیەکی سوپاسگوزار بم (بۆ خودا) ؟!».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (ئەوەندە) لە شەودا دەوەستا (بۆ شەونوێژکردن) هەتاوەکو پێیەکانی هەڵدەقڵیشا (درزی تێدەکەوت)، چونکە عائیشە گومانی وابوو لە ترسی گوناهـ وبۆ داوای لێخۆشبوونی خوای گەورە بەم شێوەیە خودا دەپەرستێت -لەکاتێکدا ئەو لێخۆشبوونی یەکلایی بووەتەوە بۆیە پێویست بە پەرستن ناکات بەم شێوەیە-، عائیشە -ڕەزای خـوای لێبێـت- پێـی ووت: بـۆ ئـاوا دەکەیـت ئـەی پێغەمبـەری خـودا، لەکاتێکـدا خـودا لـە گوناهەکـانی پێشـوو وداهاتووت خۆش بووە؟، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: (ئایا نابێت حەز بکەم کە بەندەیەکی سوپاسگوزار بم -بۆ خودا- ؟!)، هۆکاری ئەم پەرستنە لێخۆشبوونە لە هەموو گوناهەکان وهەروەها ئەو نیعمەت وبەخشینانەیە کە خوای گەورە بە پێغەمبەری بەخشیووە -صلى الله عليه وسلم-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4830

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee